## پەیوەند جاف:

# ئەوەی کە لە گۆرانییەکانمدا دەیڵێم بێگومان عەشقە و بەسەرم هاتووە

■ زۆرجار لە گفتوگۆ هونەرییەکاندا لەگەڵ هونەرمەندان باس لە کێشەو گرفتەکانی هونەر دەکرێت و کەمتر باس لە ژیانی تایبەتی خۆیان دەکرێت، رەنگە ئەمە حەزی هەموو هەوادارێکی ئەو هونەرمەندە بێت، لەم گفتوگۆ کورتەدا پەیوەند جاف وەڵامی چەند پرسیارێکی دەربارەی کار و ژیانی خۆی داوەتەوە.■

***ئاگادارم کە بە نیازی لە ئەلبومی نوێی، پێشتر زیاتر لەسەر ستایلێکی فارسی کارت کردووە، بۆ ئەمجارە بەلای ستایلی ئەربێکس دا دەچیت، هەروەك ئەو ستایلی لە کارەکانی هونەرمەند بە دەر دەکەوێت، ئەمە ئەزموونێکی نوێ نییە بۆ تۆ؟**

- کارەکانی ئەم جارە زیاتر لەسەر تەربە، ئەمەش لە ئەسلەوە ستایلێکی عەرەبی نییە، بەڵکو ئەم ستایلە لە فیرعەونییەکانەوە ماتەوە، گۆرانی عەرەبی زیاتر هی ناوچەی کەنداوە، من هەوڵ دەدەم بە هەموو شێوەیەك گۆرانی بڵێم، ئەمە ئەزموونێکی نوێ دەبێت بۆ من و هەوڵی بۆ دەدەم کە سەرکەوتوو بێت.

***ئەگەر جارێکی دیکە ژیان دووبارە ببێتەوە و ئەو باروودۆخەی ئەمڕۆی هونەری گۆرانی کوردی پێیدا تێدەپەڕێت هەروا بێت، ئامادەی هەر ئەم هونەرە هەڵبژێریتەوە؟**

- بەو هەموو کێشانەشەوە ناتوانم واز لە گۆرانی بێنم، لەبەر ئەوەی گۆرانی بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ شتێك نییە بڵێی وازی لێ دێنم، ئەوەی کە حەزم لێیە کردووە هەر گۆرانییە و هەر هونەرە، بۆیە ئەگەر ژیانیش دووبارە بێتەوە هەر ئەو هونەرە هەڵدەبژێرم بەو هەموو کێشەی کە هەشە.

***پەیوەند جاف چۆن ژیانی رۆژانەی لە هەندەران بەسەر دەبات؟**

- یان لە ماڵەوە گوێی لە گۆرانی دەگرم یان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە موزیکژەنن کۆ دەبینەوە، یان لەگەڵ هاوڕێیە گۆرانیبێژەکانم کۆدەبینەوە و زۆربەی کات گۆرانی دەڵێین و ئەمە چەند کاتژمێرێك دەخایەنێت، کاتەکانی دیکەش لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەم بەسەر دەبەم.

***لەو دانیشتانەی کە لەگەڵ هونەرمەندانی دەیکەیت، باس لە کێشە و گرفتەکانی هونەری کوردی دەکەن؟**

- بێ گومان باس لەو کێشەو گرفتانەمان کردووە کە ئەمڕۆ هونەری کوردی پێیدا تێدەپەڕێت.

***هونەرمەندان تا رادەیەکی زۆر خۆویستن، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە بۆ هەر هونەرمەندێك بەهۆی حەزکردنیان لە ناوبانگ دەرکردن، رێژەی ئەم سیفەتە لە پەیوەند جافدا چەندە؟**

- من دژی ئەوە نیم مرۆڤ خۆ ویست بێت، لە مەسەلەی هونەردا ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام نەك کاریگەری بکاتە سەر براکەت کە هونەرمەندە یان هاورێکەت کە هونەرمەندە، من ئەوەم پێ جوان نییە، ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگ نەبووە، حەزم کردووە ناو دەرکەم و هونەرەکەم جوان بێت لە ناو خەڵکدا هەموو کەسیش حەزی لەمەیە، بەڵام هەوڵیشم نەداوە هیچ هاورێیەکەم بێنمە خوارەوە بۆ ئەوەی من بچمە سەرەوە، یان بەشێوەیەك ناوی بەرامبەرکەم بشێوێنم.

***وەك دەڵێن ژیانی هونەرمەند تەنها هی خۆی نییە بەڵکو هی خەڵکیشە، بۆیە دەپرسم پەیوەند ئەو هەموو عەشقە ئاراستەی کێ دەکات؟**

- بە بڕوای من کە گۆرانی دەڵێیت دەبێت عەشق هەبێت ئینجا بیڵێیت، واتە دەبێت ئەو هەستە نیشان بدەیت، مەرج نییە بۆ کەسێك گوترا بێت، خۆی زیاتر ئەوەی کە هۆنراوەکەی داناوە ئەو لە ناو عەشقەکە بووە. ئەوەی کە من دەیڵێمەوە بێگومان عەشقە و لە ژیانمدا بەسەرم هاتووە و ئەوانەی کە گوێشی لێ دەگرن هەموویان بەو قۆناغە تێپەڕیوون.

***شتێك بتەوێت لە کۆتایی باسی بکەیت؟**

- هیوادارم هەمیشە لە خزمەت هونەری کوردیدا بن و هەمیشە هەوڵبدەن لە رێگەی راگەیاندنەوە مێشکی خەڵك ئاگادار بکەنەوە و رۆشنبیریان بکەن بۆ ئەوەی حەز و خۆشەویستیان بۆ هونەر هەبێت، لەبەر ئەوەی هونەر بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دروستبوون وناساندنی وڵات.



هەڤپەیڤین و فۆتۆ:
پەسار فایەق



## سۆران کۆیی:

# دەف ئامێرێکی سەرەکی و زۆر گرینگە لە مۆسیقاو گۆرانیدا، بەداخەوە لەلای خۆمان ئەو گرنگییە تەواوەی پی نەدراوە

**■ سۆران کۆیی ئەو دەف ژەنەی ماوەیەکی زۆرە گیان و هەناسە دەبەخشێتە گۆرانی و ئاواز و، نۆتەی مۆسیقا و زرمەی دەف ئاویزان و ئاوێتە دەکات لە گیان و دەروونی گوێگردا. خۆی سۆفی گەریانە گەشتی روحی سازدەکات بەنێو کوچەو هەوارە جیاجیاکانی ئاوازو گۆرانیدا. بۆ زیاتر ناسینی زرمەو ترپەی لێدانی دەف و دلی سۆران هێنامانە دواندن■**

**دیمانە: زیرەك ژێدار**

***بۆ ئامێری دەفت هەلبژارد؟**

- من زۆر لە مێــژە خولیای ئامێری دەفم و، یەکێك لــە خەونەکانم ئەوە بوو کە بتوانم ئــەو ئامێرە لە ئامێز بگرم. لە بیرمە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کاتێك بۆ یەکەم جــار گوێم لە گۆرانیەکانی بەهجەت یەحیا و کامگاران بوو زۆر سەرنجیان راکێشام . بێژەن کامگار وای لێکردم کە عەشــقی دەف ببم. هەروەها کاتێك لە مەولودەکان و بۆنە ئاینیەکاندا گوێبیستی دەف دەبوم هەستم دەکرد لە ناخمەوە رامدەکێشێت. دواتر من زۆربەی ئامێرە ریتمیەکان دەژەنم نەك تەنها دەف وەك زەرب، داربوکە،درەمس.

***زۆر مۆسیقا ژەنمان هەن بەشێوەیەکی هاوی مۆسیقا دەژەنــن یا خود تەنها بەگــوێ. بەرێزتان هەر بە گوێ ریتمەکان دەژەنن یاخود بە شێوە زانستیەکەش زانیاریتان لەبارەیەوە هەیە؟**

-من لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە شارەزاییم لە ئامێری دەف و ریتمەکان هەیە. ئــەو کاتەی لە تیپی باواجی کۆییە بووم بەشێوەیەکی زانســتی فێری بووم و، شارەزاییەکی باشم هەیە لە ناســینەوەو ژەنینی ریتمەکان. هەرچەندە لە کوردســتانی باشــور کەمتر گرنگی بــە ئامێری دەف دەدرێــت وەك ئەوەی لە رۆژهــەڵات دەیبینین، لە کوردســتانی رۆژهەڵات بەشێوەی نۆتەش دەی ژەنن و، بەشێوەیەکی زانستی دیراسەی لەسەر دەکرێت.

***ئایــا مــۆرك و رەســەنایەتی دەف دەگەرێتەوە چ سەردەمێك و چ نەتەوەیەك؟**

-وەك ســاڵ ناتوانم دەستنیشــانی بکەم، بەڵام ئەوەی دەزانم مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش سەردەمی ئیسلام و، زۆر لە نەتەوە ڕۆژهەڵاتیەکان بە شێوەی جیاواز بەکاریان هێناوە، بــەڵام ئەو دەفەی ئێمە بــەکاری دەهێنین زۆر جیاوازە دەتوانم بلێم تەنها گەلی کورد ئەو ئامێرە بەکار دەهێنێت بە تایبەتی ئــەو زنجیرەی ناوی کە دەنگێکی جیاواز دروســت دەکات لە کاتی ژەنیندا. هەر چەندە لە ناوەڕاستی حەفتا و هەشتاکاندا لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەکار هاتووە، پێشــتر ئەو ئامێرە تەنها لە بۆنە ئاینیەکاندا بەکار دەهات.

***بەو قســەییەی تۆ بێ لەنێو گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا مێژوویەکی زۆری نییە؟**

-نەخێر.

***پێت وایە ئامێری دەف مافی تەواوەتی خۆی پێدراوە یاخود ڕێزی لێگیراوە لە نێو مۆســیقا ژەنان و خەلکانی گوێگری مۆزیکا؟**

- دەف ئامێرێکی سەرەکی و زۆر گرینگە لە مۆسیقاو گۆرانیدا. بەداخەوە لەلای خۆمان ئەو گرنگییە تەواوەی پی نەدراوە، یاخود مامۆســتایەك نەهاتــوە خەلکانێك فێری دەف ژەنین بکات بە شــێوەیەکی زانســتی. دەف زیاتــر لەلای کامگاران گرنگی پێدراوەو وەك ئامێرێکی گرنگ سەیری دەکەن. سەبارەت بەرێز گرتن دەگەرێتەوە ســەر ئاستی رۆشنبیری کەسەکان لە روانینیان بەرامبەر بەو ئامێرە.

***خۆزگە دەخــوازی لەجیاتی ئەوەی دەف ژەن بوای ئامێرەکی دیکەت بژەندبوایە؟**

-من جگە لــە دەف و ئامێرە ریتمیەکان ئامێری عود و تارو ســازیش دەژەنم، بەرنامەشم هەیە کە گرنگی بە ئامێــری عود و تار بدەم و زیاتر خــۆم پێ بگەیەنم و، ببمە ژەنیارێکی تەواو. بەڵام هەرگیز واز لە دەف ژەنین ناهێنم، چونکە لەگەل هەست و گیانم تێکەل بوە . ئەگەر پۆستێکی زۆر گەورەشم هەبێت هەر ئامادەم بە شانازیەوە دەف بژەنم.

***مــاوەی چەند دەبێــت لەگەل گروپــی نالی کار دەکەیت؟**

-ماوەی ٩ تا ١٠ ســاڵ دەبێت و، ئێســتاش ئەندامی لیژنەی بەرێوەبەرایتی گروپم.

***تاچەند لە گروپی نالی رازیت؟**

-تا سەر ئێسقان بەتایبەت لەو دەستە بەرێوەبەرایەتیەی ئێستا.

***مەبەســتت چیە لە بەرێوەبەرایەتی ئێستا؟ ئێستاو جاران چیە؟**


- ئێمە پێشــتر هەندێك کێشەی بەرێوەبردنی گروپمان هەبوو، کە هەموومانی سەخلەت کردبوو، بەتایبەت کە ئەو سەفەری دەرەوەمان کرد هەندێك کێشەمان هاتە پێشەوە، دەبوایە بە ژیرانەوە چالاکانــە کارەکان رابپەرێنین. بەڵام دەستەی سەرپەرشــتیاری گروپ ئێستا زۆر چالاکانەو دلســۆزانە کارەکان رادەپەرێنن و زۆر بەختەوەرین لەگەل یەکتر.

*** هەندێك جار بەرگوێمان دەکەوێت کە گوایە گروپی نالی هیچ کارێکی نوێ و داهێنانێکیان نییە. بەتایبەت لە دوای بڵاو بونــەوەی ئەلبومەکەتان. تۆ ئەم حالەتە بۆچی دەگەرێنیەوە؟**

-مــن نازانم کێــن ئەوانەی وایان گوتــوە ریزم هەیە بۆیان بەڵام بە ویژدانــەوە بریاریان نەداوە. ئێمە لەوەتی هەین هەر بەسەر بەخۆیی ماوینەتەوە، سەر بەهیچ دام و دەزگایــەك نەبوینە. بۆیە هەردەم پشــتگوێ خراوین لەهەموو خزمەتگوزاریەکان، ئەوەی پێمان کراوە درێخیمان لێ نەکردوە، بەو بێ پاڵ پشــتیەش هەر ئەوەندە دەکرێت، تەنها بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی ســەرۆکی حکومەت هەندێك یارمەتی داوین زۆر سوپاســی دەکەین، هیچی ترمان بۆ نەکراوە، بــەڵام کارەکان خۆیان وەلامن بۆ ئەو کەســانە. ئێمە زۆر بەلێنمان پێ دراوە بەڵام تا ئێســتا هیچی جــێ بەجێ نەکراوە. گەر کاریــش وابروات بە دلنیاییەوە واز لە کاری هونەری دەهێنین. تاکو ئێســتا شوێنمان نیە تیایدا کۆبینەوە بۆ پرۆڤەکردن داهێنان چۆن ئاوادەکرێت. یارمەتییەکان تەنها بۆ ئەو کەسانەن کە سەر بە دەزگایەکن.

***ئەو ستایلە نوێیەی ئێســتای گۆرانی کوردی کە زۆر بەکەمی ئامێری دەفی تیادا بەکار دێت. بەتایبەت ئەوانەی لــە تورکیاو وولاتانی دیکە تۆمار دەکرێن. تۆ پێت وانیە ئەو کارانە ببنە هــۆی لەناو بردنی ئامێری دەف و ئامێرە کوردییەکان؟**

-بەدلنیاییەوە بەلێ، کارێکی زۆر خراپ دەکاتە ســەر هەمــوو ئامێرە کوردیەکان. مــن نازانم گۆرانی بێژانی کورد بۆ وا سەریان لە خۆیان و لە ئێمەش شێواندوە، هەر رۆژە بەدوای ستایلێکەوە رادەکەن خۆشیان نازانن چیان دەوێــت. تەنها هونەرمەندان عەدنــان کەریم و بەهجەت یەحیا و کامگاران لەســەر رێچکەی رەســەنی کوردی ماون و کار بە ئامێرە رەسەنەکان دەکەن، ئەوانی دیکە لە دونیایەکی دیکە کار دەکەن کە هیچی مولکی کورد نیە و بەلکو لەناو بردنی مۆرك و رەسەنایەتی کوردە.



## ماریا کاری

# لە لایەن ڕەش پێست و سپی پێستەکانەوە دووچاری ڕەگەزپەرستی بۆوە

کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی ماریا کاری بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە خۆی گۆرانییەکانی دەنووسێت و ئاوازیان بۆ دادەنێت و خۆیشی بەرهەمهێنەری گۆرانییەکانیەتی لە یەك کاتدا و خاوەن توانایەکی بەهێزە لە گۆرانی گوتنداو خاوەنی پڕ فرۆشترین سیدییە، ماریا کاری زیاتر بەوە ناوبانگی دەرکرد کاتێك خۆی لە دژی ئەرنۆڵد شوارزنیگەر پاڵاوت بۆ پۆستی حاکمی کالیفۆرنیا.

دەوروبەری ماریا رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز، باوکی مامۆستای مۆسیقایە و فەنزویلییە، دایکیشی گۆرانیبێژێکی ئێرلەندییە، بۆیە هەر زوو توانای گۆران گوتنی پەیدا کرد، بەڵام لە تەمەنێکی زوودا دایك و باوکی جیابوونەوە.

لەبەر ئەوەی لەگەڵ دوو نەژادی تێکەڵ گەورە بووە، ماریا کاری دووچاری رەگەزپەرستی بۆوە لەلایەن رەش پێست و سپی پێستەکانەوە، داپیری کۆنترۆڵێکی زۆری بەسەر دایکییەوە هەبوو هەر ئەمەش بووە هۆکاری زوو جیابوونەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەو کاتەی تەمەنی ماریا تەنیا سێ ساڵ بوو و لە لای دایکی مایەوە، ئەویش چەند وانەیەکی گۆرانی گوتنی پێدا و بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو نەهامەتییانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی رەفتاری رەگەز پەرستانە و جیابوونەوەی دایك و باوکی دووچاریان هاتبوو، بڕیاریدا توانا هونەرییەکانی زیاتر دەربخات و مۆسیقای وەك پەناگەیەك هەڵبژارد و هەر لەسەردەمی خوێندندا دەستی بە نووسینی گۆرانی کرد، دوای کۆتایی هێنانی بە قۆناغی ناوەندی خوێندن ماریا لە مانهاتن جێگیر بوو و دەستی بە چەند کارێکی سادە کرد بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خۆی پەیدا بکات.

دواتر ماریا چاوی بە یەکێك لە هاوڕێ کۆنەکانی باوکی کەوت کە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە گۆڕینی ئاڕاستەی ژیان، ئەم هاوڕێیەی باوکی مۆسیقاژەنێکی بە توانا بوو و کاری لەسەر هەندێك دەق کرد کە لە نووسینی ماریا بوون و مۆسیقای بۆ دادەنان لە هەمان کاتدا ماریا لە کۆراڵی گۆرانیبێژ بریندا ستار گۆرانی دەگوت، دوای ئەوەی نمایشێکی مۆسیقی پێشکەش کرد بە ئامادەبوونی چەند کەسایەتییەکی گرنگ و ناوداری بواری مۆسیقا، بۆیە لەو کاتەدا ژیانی ماریا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هات، بریندا ماریای بە تۆمی مۆتۆلای بەڕێوەبەری کۆمپانیای( sony music) ناساند و ئەو گۆرانییانەی پێشکەش کرد کە ئەنجامی دابوون( دواتر ماریا بوو بە هاوسەری مۆتۆلا) ئەو کات مۆتۆلا بە دەنگ و ئەدای ماریا زۆر سەرسام بوو و دڵنیابوو لەوەی لەبەردەم دۆزینەوەیەکی نوێی جیهانی گۆرانی گوتندایە، بۆیە هەر ئەو کات بۆندێکی پێشکەش بە ماریا کرد کە دە ئەلبوومی تایبەت بۆ کۆمپانیاکەی ئەو بەرهەم بهێنێت.

یەکەم ئەلبووم لە ساڵی ١٩٩٠ بەرهەمهات بە ناوی ماریا ئەو کات ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و بۆ ماوەی ١١ هەفتە لە پلەی یەکەمی پڕ فرۆشترین ئەلبوومەکان مایەوە لە ئەمریکا ئەوەی جێگای سەرسوڕمانی چاودێران بوو ئەوەیە کە لە پۆلینکاریدا ماریا لە پلەی یەکەم و زیاتر لە ١٧ ملیۆن دانە سیدی ئەم بەرهەمە فرۆشران، ئەم سەرکەوتنەش تەنیا لە ئەمریکا نەبوو بەڵکو ناوبانگی ماریا کەنەدا و نیوزیلەندا و بەرازیلیشی گرتەوە، دواتر ئەلبوومی دووەمی بڵاوکردەوە بە ناوی (EMOTIONS) کە نەیتوانی سەرکەوتنی ئەلبوومی یەکەم بەدەست بهێنێت، چونکە تەنیا ١٢ ملیۆن سیدی لێ فرۆشرا، بەڵام ماریا هەر لە پلەی یەکەم مایەوە لە ئەمریکا و ژاپۆن، لە ساڵی ١٩٩١ ماریا دەسکەوتێکی بێ وێنە و گەورەی تۆمار کرد کاتێك دوو خەڵاتی گرامی بەدەستهێنا، هەر لەو کاتەشدا پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ مۆتۆلا بەهێزتر بوو و لە ساڵی ١٩٩٣ بڕیاری بە هاوسەر بوونی خۆیان راگەیاند.

لەکاتێکی زۆر پێوانەییدا ماریا ناوبانگێکی بێ وێنەی تۆمار کرد، بەڵام ئەم خۆشییەی تا سەر نەبوو و لە ساڵی ١٩٩٧ لە مۆتۆلا جیابۆوە، بەڵام لە هەمان ساڵدا ئەلبوومێکی نوێی بڵاوکردەوە بەناوی(BUTTERFLY) و هەر لەو کاتەوە پەپوولە بوو بە دروشمی ئازادی لای ماریا ئەمەش دوای جیابوونەوەی لە مۆتۆلا،دوای ٤ ساڵ لە جیابوونەوەی کاتی ئەوە هاتبوو ماریا بۆندەکەی لەگەڵ کۆمپانیای (SONY) نوێ بکاتەوە، بەڵام ئەو رازی نەبوو و دەستی بە پڕۆژەیەکی دیکە کرد ئەویش بەرهەمهێنانی فیلمێك و ئەلبوومێك بوو بەناوی (GLITTER) هەرچەندە بۆ ماوەی سێ ساڵ کاری لەم پڕۆژەیەدا کرد، بەڵام ئەنجامەکەی سەرکەوتن نەبوو و تەنیا بڕی ٥،٣ ملیۆن دۆلار سیدی لێ فرۆشرا لە سەرتاسەری جیهان و لە پلەی ١١ هات لە فرۆشتنی ئەلبوومەکان، بۆیە ماریا بەرگەی ئەم شکستەی نەگرت و تووشی بارێکی دەروونی سەخت هاتەوە کە تەنانەت نەیتوانی گەشتێکی بکات بۆ پروپاگەندە کردن بۆ فیلم و بەرهەمەکەی و گشت خۆشییەکانی ژیانی بوون بە ناخۆشی و زەردەخەنەی بەردەوامی سەر لێوەکانی نەما و کار گەیشتە ئەوەی بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایکی بۆ ئەوەی لەم گرفتانە رزگاری بێت لەو کاتەشدا باوکی کۆچی دوایی کرد ئەمەش بێئومێدی و خەمەکانی دوو ئەوەندە زیاتر کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ماریا بەشداری لە فیلمێکی نوێدا کرد بە ناوی (wise girl) لە ساڵی ٢٠٠٢ کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا.



بەم دواییە ماریا ئەلبوومێکی سەرکەوتووی بڵاوکردەوە، بەڵام تا ئێستاش کاریگەریی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی بەسەرییەوە ماوە و هەست بە تەنیایی دەکات، کەچی بڕوایەکی تەواوی بە پاشەڕۆژێکی گەش هەیەو خەون بە منداڵ و پێکەوە نانی خێزانێکی پڕ لە خۆشی و شادییەوە دەبینێت.

- سەرچاوە:
- رۆژنامەی أخبار خليج

**لە ژمارەی رابردوو دیمانەیەکی وەگێڕدراوی هونەرمەندی هیندی (سردیڤی کاپور) بڵاوکرابۆوە، بەڵام سەرچاوەکەی کە رۆژنامەی (بیان)ی ئیماراتییە لە کاتی چاپ دا دەرنەچووبوو**

# ناوەندە رۆشنبیری و هونەرییەکانی عەرەب دژی فیلمێکی بەریتانین دەربارەی سەدام

دەرهێنەری تەلەفزیۆنی بەریتانی ئەلیکس هۆلمز کاری وێنەگرتنی فیلمێکی تەلەفزیۆنی دەربارەی ژیانی تایبەتی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری پێشووی عێراق تەواو کرد، ئەم فیلمە لە دوو بەش پێکدێت و باس لە نهێنییەکانی پەیوەندی سەدام بە خێزانەکەی و سەرکردە نزیکەکانی دەکات لە دەسەڵات.

فیلمەکە بە ناوی ( نێوان دوو رووبارە _ Between Two Rivers)ە و کارێکی ئەمریکی و بەریتانی هاوبەشە بە هاوکاری رادیۆی (BBC)و تۆڕی (HBO)ی تەلەفزیۆنی ئەمریکی و کۆمپانیای سندباد بۆ بەرهەمهێنانی هونەری کە کۆمپانیایەکی تونسییە و خاوەنەکەی موعز کەمونەیە و بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلای تێچووە،رەخنەگرە هونەرییە عەرەبەکان پێیان وایە چۆنیەتی باس کردنی ژیانی تایبەتی سەدام وەك لە فیلمەکەدا هاتووە دژی هەموو نەتەوەی عەرەبە، بەتایبەتی کە ئەکتەری ئیسرائیلی ئیگال ناو و رۆڵی سەدام حوسێن دەبینێت.

فیلمەکە باس لە رابردوو و چارەنووسی سەدام دەکات و رووداوەکانی بەوە دەستپێدەکات کاتێك تاریق عەزیزی جێگری سەرۆك وەزیرانی سەردەمی سەدام خۆ دەداتە دەست هێزەکانی ئەمریکا و، ئەکتەر و دەرهێنەری فەلەستینی موکەرەم خوری رۆڵی تاریق عەزیز دەبینێت و ساتەوەختەکان خۆشی و تورە بوون و سەرسوڕمان و هەڵوێستەکانی تاریق عەزیز لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام و هاوڕێیەتی نێوانیان زۆر بە جوانی بەرجەستە دەکات، موکەرەم دەربارەی رۆڵەکەی دەڵێ: من زۆر لەو رۆڵە دەترسام، چونکە تاریق عەزیز هێشتا زیندووە و زۆر بە ئاسانی دەکرێ بەراوردی نێوان ئەکتەر و کەسایەتی راستەقینە بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی زۆر بە دوای نهێنییەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاریق عەزیزدا گەڕام، ئینجا هەموو تواناکانی خۆم خستە کار بۆ ئەوەی رۆڵەکە زۆر بە باشی ببینم و لە تەقلید دوور کەومەوە کە زۆر جار کارەکان ساختە دەکات و ئەگەر زۆر وریای نەبی دەبن بە کەسایەتی کاریکاتێری،

دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکەش موکەرەم خوری دەڵێ: فیلمەکە ئیهانەی هیچ کەسێك ناکات و رق و قینەی دەربارەی کەس تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ناسینی کەسایەتی سەدام حوسێن و دەرخستنی سلبیات و ئیجابیاتی ژیانی ئەو کەسە و پەیوەندییەکانی و ئەو جەنگانەی کە ئەنجامیداون لە ساڵی ١٩٧٩ تا رۆژی لە سێدارەدانی لە مانگی دیسێمبەری ٢٠٠٦ .

## کەسایەتی دیکە

لە مانگی حوزەیرانی رابردوو بەشێك لە دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە وڵاتی تونس وێنە گیراون و کچە ئەکتەری ئەمریکی بە رەچەڵەك ئێرانی بەناوبانگ ئەگداس لۆ رۆڵی ساجیدا خەیروڵڵای هاوسەری سەدام دەبینی و هونەرمەندی میسری عەمرو واکد رۆڵی حوسێن کاملی هاوسەری رەغدی کچە گەورەکەی سەدام دەبینی، کەچی ئەکتەری مەغریبی سەعید دەعمائی رۆڵی بارزان تکریتی زڕبرای سەدام دەبینی، هەروەها پێنج هونەرمەندی دیکەی تونسی بەشداری لەم فیلمەدا دەکەن لەوانەش هیشام روستەم و محەمەد عەلی نەهدی، ناوەندە هونەری و رۆشنبیرییە عەرەبییەکان رەخنەیەکی زۆریان لەوە گرت کە کۆمەڵە هونەرمەندێکی عەرەب شان بەشانی هونەرمەندیکی ئیسرائیلی بەشداری لە فیلمێکدا کەن کە بە بڕوای ئەوان مەبەستی سەرەکی دژایەتی کردنی عەرەبە، لەم بارەیەوە ئەکتەری تونسی عەلی بەنور گوتی: بەشداری کردن لەم کارە راکردنە بۆ بەشداری کردن لە چەندین کاری دیکە کە تەنیا مەبەستی دژایەتی کردنی عەرەب و نیشاندانیەتی بە شێوەیەکی سلبی، بۆیەش من رازی نەبووم بەشدار بم لەم کارە، چونکە دژی سەدامە و وێنەی عەرەب بە شێواوی نیشان دەدات، رۆژنامەی وەحدەش کە رۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆنی تونسییە رایگەیاند کە بەشداری کردنی عەرەب لەم جۆرە کارانە دوور کەوتنەوەیانە لە رۆڵی راستەقینەی هونەرمەند کە پێویستە بەرگریکار بێت لە هەڵوێستی خۆی و دەربڕی ناسنامەی کۆمەڵگای خۆی بێت، رۆژنامەی ناوبراو ئەوەشی راگەیاند بەشداری کردن لە کارە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی رۆشنبیری لەگەڵ ئیسرائیل .

لە میسریش سەندیکای کارەکانی نواندن هونەرمەند عەمرو واکدیان رووبەرووی لێکۆڵینەوە کردەوە بەهۆی بەشداریکردنی لەم فیلمە. کەچی موکەرەم خوری بەرگری لە بەشداری کردنی ئەکتەرێکی ئیسرائیلی لەم فیلمەدا کرد و گوتی: هەڵبژاردنی ئەکتەی ئیسرائیلی بۆ بینینی رۆڵی سەدام تەنیا لەبەر ئەوەیە کە لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، هەروەها نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە زۆر بە جوانی و سەرکەوتووی رۆڵەکەی بینی، شایەنی گوتنە ستافێکی هونەری گەورە بەشداری لە فیلمەکەدا کردووە کە پێکهاتبوو لە حەفتا تونسی و هەشتا ئەمریکی و بەریتانی، بەڵام هیچ ئەندامێکی ستافەکە عێراقی نەبوون و چەندین دیکۆراتی نوێ و گەورەیان بەکارهێنا کە شار و شارۆچکە تونسییەکانیان بە تەواوی وەك شارەکانی عێراقییان لێهاتبوو .



- سەرچاوە:
- ماڵپەری ئەلجەزیرە نێت

مووراد کاوە :

# کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە تەواوی هونەر پارێز و بەرنامەی هونەری هەبێ



**■ جێهێشتن وڵات و رووکردنە هەندەران کارێکی قورسە بۆ هەر مرۆڤێك، بە هەزاران رۆڵەی کوردستان ئەم رێیە سەختەیان هەڵبژاردووە لەوانەش هونەرمەندان کە رەنگە هەندەران و غەریبی بۆ ئەوان قورستر بێت، هونەرمەند مووراد کاوە خەڵکی شاری نەغەدەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و چەندین ساڵە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، سەرەتا وەك ژەنیارێك هاتە نێو بواری هونەرەوە دواتر لەبەر ئەوەی بەهرەی گۆرانی گوتنی هەبوو و خاوەن دەنگێکی خۆش و ناسکە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، چەندین بەرهەمی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە و جگە لە گۆرانی وەك موزیك ژەنێکیش بەشداریی لە چەند بەرهەمێکی دیکەی هونەریدا کردووە، دوای ماوەیەك لە دابڕان ئێستا بە بەرهەمێکی نوێ گەڕاوەتەوە کە چەندین گۆرانی نوێ و فۆلکلۆریش لە خۆدەگرێت بە شێوازێکی نوێ، بەڵام ئەم بەرهەمە تاکو ئێستا لە کوردستان وەکو پێویست بڵاونەکراوەتەوە**

**ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لە گۆرانی گوتن بەردەوامە لە هەمان کاتدا جگە لە سەرقاڵ بوونی بە خوێندن،بەڕێوەبەری ماڵپەری کوردلاندە کە ماڵپەرێکی هەمەرەنگی گشتییە■**

* بەرهەمی فرمێسکی گەش لە چەند گۆرانی پێك هاتووە و گۆرانیەکان چین؟

ئەو بەرهەمە لە ١٠ گۆرانی پێکهاتووە. ناوی گۆرانیەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

تاسەی نیشتمان، فرمێسکی گەش، دەی وەرە وەرە، عەشقی شیاو، سەربەستی، ڕاز و نیاز، وەنەوشە، تۆ جوانی، تۆ چاوبازی، یارەکەم چاوی شینە.

* ئاواز و تێکستی کێن؟

لەو ١٠ گۆرانییە، ٤ دانەیان ئاوازی خۆمە (تاسەی نیشتمان، فرمێسکی گەش، وەنەوشە و تۆ چاوبازی)، گۆرانی "تۆ جوانی" ئاوازی هونەرمەند کاك بێهزاد خدرە، "یارەکەم چاوی شینە" ئاوازی هونەرمەند کاك قادر سەیاحییە. ئاوازی "سەربەستی" لە باوکم وەرگرتوە و ئاوازی ٣ گۆرانیەکانی تر لە مێلۆدی وڵاتە دراوسییەکانم وەرگرتووە.

نوسینی تێکستی گۆرانییەکانیش بەو شێوەن: تاسەی نیشتمان، دەی وەرە وەرە، سەربەستی، تۆ چاوبازی هۆنراوەی باوکم سەعید کاوە"یە. فرمێسکی گەش هۆنراوەی "مامۆستا هێمن"ە. هۆنراوەی وەنەوشە و تۆ جوانی هی کاك حەسیب قەرەداغی‌یە، عەشقی شیاو کاك سیروان کاروانی نوسیوێتی، یارەکەم چاوە شینە هۆنراوەی کاك قادر سەیاحییە و تێکستی ڕاز و نیاز هی خۆمە.

* جیاوازی چییە لە گەڵ بەرهەمەکانی تر؟

جیاوازی هەرە بەرچاوی ئەو بەرهەمە لە گەڵ بەرهەمەکانی ترم ئەوەیە کە موزیك، تێکست و گۆرانییەکانی "فرمێسکی گەش" نوێن، یانی تا ئێستا نەگوتراون، تەنیا یەك گۆرانی کۆنە، ئەوێش "یارەکەم چاوی شینە"، کە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەند کاك قادر سەیاحییە.

* بۆچی دەرکەوتنت وەك پێویست نییە و بەرهەمی زۆرت نییە؟

بەشی زۆربەی کاتی من تا ئێستا یا بە خوێندن یا بە کار کردن گیراوە، بۆیە کاتێکی زۆرم نەبووە تا ڕۆژانە بە پێی پێویست کاتی زۆر تەرخان بکەم بۆ موزیك. من لە ڕاستیش دا زۆر باوەڕم بە کاری زۆر و بۆر نیە، کاری کەم و پوختەم پێ باشترە.

* ئایا هونەرمەند بە زۆری بەرهەم و گۆرانی دەتوانێ بوونی خۆی بە کۆمەڵ بسەلمێنێ؟

بە ڕای من جەماوەر دەتوانی بوونی هونەرمەند بە بەرهەمەکانی هەڵسەنگێنی. چونکە زۆری بەرهەم ناتوانێ ببێتە بەڵگەی پەسەندکراوی بوونی هونەرمەند.

* بە ڕای تۆ لە کوردستان هونەرمەند چ سەنگێکی هەیە لە ناو کۆمەڵگا و لە لایەن دەسەڵاتەوە؟

پێم وایە هونەرمەند لە ناو کۆمەڵگادا بە پێی فەرهەنگ و زانیاری و سیاسی هەڵدەسەنگێندرێ. هەروەها لە ڕوانگەی دەسەڵاتداریشەوە ئەو دەسەڵات و سابیت بوون و دەوڵەتەی لە میللەتان و وڵاتانی تر هەیانە، دەسەڵاتی کوردی و کۆمەڵگای کوردیش نەگەیشتۆتە ئەو جێگایەی بە تەواوی هونەر پارێز و بەرنامەی هونەری هەبێ.

* بار و دۆخی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟

لە ڕوانگەی منەوە، دەسەڵات دەروازەیەکی ئاوەڵەی بۆ هونەرمەندان پێك هێناوە. بەڵام لێرەدا هونەرمەند و دەسەڵات پێویستە بەرنامەریزی داهاتووی هونەری بکەن.

* ئەگەر وەك پێویست نییە، هونەرمەندان لێپرساوە، یان جەماوەر یان دەسەڵات؟

هەر سێکیان بە نۆبەی خۆیان لێپرساون، جەماوەر هونەرمەند پێکدێنێ، هونەرمەندیش پێویستە یاسای هونەری بپارێزێ و دەسەڵاتیش پاڵ پشت و پشتیوانی هونەری ڕاستەقینە بێت.

* هونەرمەندان چییان لە ئەستۆدایە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی؟

لە ڕوانگەی منەوە پێویستە هونەرمەندان هەوڵ بدەن هونەری کوردی بەرەو پێش بەرن و لە ئاستێکی بەرزدا ڕایبگرن. بەڵام ئەو بردنە پێش و مۆدەرنیزە کردنە کە خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە، بە مەرجێك هونەری کوردی ئەو مۆرك و ڕەسەنایەتیەی خۆی لە دەست نەدات!